دیداری نێوان یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کۆمەڵە ـ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

کاتژمێر ١١ سەرلەبەیانی ئەورۆ ٢٠١١/١٠/٢٩ شاندێکی باڵای کۆمەڵە- پارتی سوسیال دیموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای پێوەندیەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان کرد و لە لایەن بەرێزان خاتوو ئامینە فەیزوڵابەگی سەرۆکی سیمبۆلیکی یەکێتیمان هاورێ سمکۆ یەزدان پەنا سکرتێری گشتی، هاورێ ئەنوەر عەباسی راوێژکاری سیاسی سکرتێری گشتی و هاورێ لوقمان کەریمی بەرپرسی ناوەندی راگەیاندن، هاورێ فریشە یەزدانپەنا ئەندامی کومیتەی ناوەندی و هاوری تەوار شەریفی ئەندامی ناوەندی راگەیاندن، پێشوازیان لێکرا.

لە دیدارەکەدا کاک عەبدوڵای کۆنەپۆشی ئەندامی دەستەی بەرێوەبەریی، خاتوو سەبری بەهمەنی بەرپرسی پێوەندییەکانی کوردستان، خاتوو زارا فەتحی نەژاد ئەندامی کومیتەی ژنان و کاک ئاسۆ عەبدی نەژاد کادری چالاکی کۆمەڵە وەکوو نوێنەری کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان ئامادە بوون.

لەو دیدارەدا جەخت لەسەر هەرچی پتەوترکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا، و هەر لەم دیدارەدا کە تاکوو سەعات ٢ و٤٠ خولەکی پاشنیوەرۆی خایاند لەمەڕ هاوکێشە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکە بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتی ئاڵوگۆڕی بیر و را کرا.